# برایەتی

## ئەدەبی منداڵان

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبیە بۆ منداڵان

**برایەتی**

شیعرو چیرۆکو وەرگێڕان

ا الاخو

هەولێر ١٩٨٥

ژمارە (١)

چاپخانەی هەولێر

الاخوة

بەشداران :

— رۆستەم باجەلان .

— نەجات رەفیق حیلمی .

— پیربال مەحمود .

— اسماعیل تەنیا .

— صلاح سلیم سیدۆک .

— خالد شەیدا .

— فیصل دێهاتی .

دەمەتەقێ

# تیتروا‌سك‌و كۆمەڵی منداڵان

ڕۆستەم باجەڵان

هەورۆ :

(١) — تی تی تم — وا هاتەوە
خۆی بەرزو شۆڕ كاتەوە
منداڵان دیقەت دەنێ
مل لەكامە بان دەنێ !؟
گوێ بگرن چۆن دەنگی دێت
چەند بەگوڕو جۆش دەفڕێت !؟
— خێرخەبەر — ە ئەو مەلە
بۆیە بە پەلە پەلـــــە

شاێر :

هۆ ! — هەورۆ — ئاوڕ دەوە
ڕووی كردە بانان ئەوە

ئەها ! تی تی تەی رەز‌ـــــد

هاتە سەر مالی - رەوەند -

لــــە رێگای دوور دێتەوە

شـــــــادە دەدرەوشێتەوە

هەوالی تازەی پێیـــــە

بێ سۆ رەوەز‌ـــــد لە رێیە

منالەکان بەکۆرس :

خوایە ! رەوەندی خۆش روو

بێتەوە - هەولێر - هەر زوو

دەی ! رەوەند گیان وەرەوە

گەڕەکمان روون کەرەوە

باران بێ یان شـــلێوە

(٢) - مەتاڵ - مان بۆ بلێوە

دەی جانتاکـــــەت بینەوە

بـــــۆ مەکتەب بچینەوە

بـۆ لێرە بارتان کرد زوو
لێمان بـزر بوون هـەموو
چوونـەوە ( بیابان )
ئازارتان بۆمان هـــــانی
دەی رەوەند گیان وەرەوە
گەڕەکمان روون کەرەوە

تی تی تم :

منالان مژدەم پێیە
رەوەند ، رەوەند لە رێیە
لە گەڵ باوکی بۆ سەردان
دێتەوە گەڕەك دیســــان
دوو رۆژ لاتان دەمێنێت
هـەر هـەمووتان دەبینێت
میوانە ، چاوەڕێی بن
زوو بـەرەو پیری بچن
ئەویش بۆتان پەرۆشـــــە
بـۆ بینینتان بـە جۆشە

ئەمشەو تێر ، تێر دەیبینن
کیژۆڵەو کوڕ دەیدوێنن
نەکەن بخەون هەرگیز !
ڕەوەند ئازیزە ئازیز

منداڵەکان بەکۆرس :

بەخێر بێتەوە لامان
ڕۆح و گیانو دڵسۆزمان
لە مێژە دەمانزانی
دێتەوە هاوڕێی گیانی
خۆشحاڵین ئێمەی منداڵ
خەریکە باڵ بگرین باڵ
ئەمشەو ناخەوین هەرگیز
ڕەوەند ئازیزە ئازیز

هەولێر ١٩٨٣

(١) تی تی تم : دی دی تم – خۆش خەبەر – تیترواسك .
(٢) مەتاڵ : حیقایەت – چیرۆك .

# گوڵی بـۆندار

نـەجات رەفیق حیلمی

بێچووە چۆلەکەکە ئـــــــــەلفڕی کەوتە سەر بنجە گیایەکی سەوزو تـــەڕ ، بەگران خۆی گرتەوە ، چونکە یەکەم جار بوو فێری باڵە فڕێ بێت .

خونچە گوڵێکی تازە پشکتوو لەو لاوە زەردەخەنەیەك گرتیو پیی ووت :

— ئـەی تەیرۆکەی بچکۆلە چۆن بەتەنیا کەوتویتە ئـەم ناوەو کەست لەگەڵ نی یە ؟ ئەی کوا دایكو باوکت !؟

تەیرەکە ووتی : خۆم ویستم بەتەنیا بفڕمو بگەڕێم بـەڵکو ئەچمە ناو دونیاوە ، ژیان تاقی ئەکەمەوە .

خونچـــە گوڵ پیێ ووت : ئەی ناترسی لـە دایكو باوکت دوور کەویتەوەو کەس بەهاناتا نەگات !؟

تـــەیرەکە ووتی : تا وەکوو لـە پەنا دایكو باوکما خۆم حـەشار بدەم هەر دەم ئەوان ناگەنە ئەو بڕوایە کە من

بتوانم دوور بکەومەوە ، منیش بڕوام بەخۆم نامێنێ

– ایم بگەڕێ خوشکێ با بڕۆم وڵی سەربەستی بم

خونچە گوڵ هەناسەیەکی هەلکێشاو ووتی .

– راستە قسەی تۆیە ، ئەوەتا من چۆن لەسەر

دایکم ئەبم و ئەژیم و ئـــــەوەرێم ، بـــە هیچ جـ

نابێ لە دایکم جیا ببمەوە .

تەیرۆکەکە ووتی : بەڵێ وا دیارە لەو کاتەی خۆر هەڵ

سورمە تیشکی ئەڕژێنێتە سەر چاوەکانت پـــرشنگی خـــۆ

لـــە گۆمیدا مەلە ئەکات زەردەخەنەی شادی ئەتگرێ

هەموو دونیا بەو نیازە لای تۆ و دایکت و خوشکەکانت ئەو

ساتەیە .

– مـــن بزانم خۆر کە بتوانێ گشت دونیای سەوزو بۆن دار

گوڵ و گوڵزار بەڕوناکی بشواتەوە تاریکی شەو بسڕێتەوە ،

بەڵام نەیتوانیوە هـەموو گیان لە بەرێک سەربەست بکات ،

مـن نامەوێ بـزەی خۆرو باوێشکی خەو ، مـــن ئـــەمەوێ

سەربەست بژیم ، بفڕم بـــــڕۆم ئەو شاخ و ئـەو کێو

بەئاسمانی فرەواندا گەشتی ئەستێرەو مانگ بکەم ، خەو

نەکەم برێژم بەپرشنگی زانیـــاری چـــاوم ، دڵـم خۆش

کـــەم بفـرم بـــڕۆم لەگـەڵ ئاواتەکانما سـەرکەوم ،

گەورە ببم . . ببم بەمـــــــەل بەکۆتریێ بەبازیێ ببمـە

تیـری کەوانی سـەربازیێ ، ببڕم جەرگێ و دڵی دوژمن تـا

تا نـەگاتە وولاتی من .

( خونچە گوڵ ماچێکی بـۆ نارد فرمێسکی خـەم تك ،

تك بەچـــــاویا هاتە خوار . )

مـەل ئـاوڕێکی لێ دایـەوە ، فرمێسکی چاوی سڕیەوە

ووتـــــی :

ـ مەگری مەناڵێنە ئەبێ ڕۆژێك بێت و تـۆش لەجێی

خۆت بجوڵێیت و لەهەموو شوێنێکا بۆن و ڕەنگت بپرژێت

و خـسۆر بۆ جوانیت سەر دانەوێنێت .

بۆیـێ زۆر ئـەژیم لـە دنیـــــــا
وەکو من ووریابـە ، ووریـــا !

ـ ئەوسا ( هەڵۆ ) ی خـاوەن شکۆ
ووتی : ئەی (قەل) منیش وەك تۆ ..

لەمەولا هەر خوێنی مــــــــــردوو
ئەخـۆم لە جیاتی هـی زینـــــدوو

بەڵـکو ئاوا ، وەك تۆ عومرم
ئەخاێنێ درەنگ ئـــــــــەمرم !

ـ ( هەڵۆ ) یەکە و ( قەل ) پێکەوە
(۱) لاکێکیان دی ، لەهـیکەوە (۲)

ئەسپی گەنیِ نێو دەوەن بـــــوو
هەرچۆن بڵێی وا بۆگەن بـــــوو

هەڵفرین بـۆ دەورو بـەری
نیشتن لە سەر وورگ‌و سەری

قەلی نەوسن ، خێرا ، ئەو دان
بەخۆ کەوت بۆ دەنووك لێدان

لـە لاکی پیس و بۆگەنی
بۆ خۆی خـەنی ببوو خـەنی

له ئەدەبی بیگانەوە ( شیعر بۆ منداڵان )

# هـەڵۆ و قـەل

پەربـال مەحمود

جـارێ هەڵۆیـەکی بـرسـی
لە قەلە ڕەشێکی پـــــــرسی :

پێم بڵێی ئـەی قـەل ڕەشـداڵ
بۆچی تۆ ئەژی سێ سـەد ساڵ ؟

کەچی ئەمن سـاڵێ . یا دوو . .
ئـەژیـم ژیـانێـکی مـانـدوو ؟

– ( قەل ) بـەئامۆژگاری کـەری
بۆ هەڵۆ ڕای خۆی دەربڕی . .

وتی : ئەتـۆ لـەم ژیانـــــــە
خوێنی زینـدوو ئەخۆی گیـانـە

بەڵام من خوێنی مرداران . .
ئەخۆم لێرە . لە پای داران !

# پشیله سووره

اسماعیل تەنیا

پشیلە سوورەی چاو شین
زۆرم لێتە ڕق و قین

دوێنێ دیم بەو چاوانە
کە چیت کرد بەم بێچوانە

هەمووت کوشتن بێ تاوان
لانەت لێ کردن وێران

لێم دوور بە تاوانباری
تۆ هاوڕێم نی ، زۆرداری

١٨ / ٣ / ١٩٨٢

# کاری چاك

صلاح سلیم سیدۆك

صلاح سلیم سبر

منداڵان کردەوەی چاك
خۆشەویستی گەل و خاك

پەیرەو بکەن هەتا هەن
لەدوا رۆژا سەر دەستەن

گۆرانی بڵێن بۆ ژین
لابەرن گێچەڵ و قین

پڕشنگی گەشی ئێوە
مەشخەڵانی بەرێوە

لەدوا رۆژا روناکی
ئەبەخشن بەبێ باکی

سروودی سەرکەوتوی گەل
بڵێن بۆ تیشکی دەم کەل

وەك زانای زیرەكو ژیــر
بــەكار بێنن هۆشو بــیر

بە خوێندنو تێكۆشان
بــەئازاییو ڕەنجی شان

هەردەم ئەبن سەرفراز
بەرامبەر رازو نیـــاز

ئێوە منداڵی جیهان
ببنە چــرا بۆ ژیان

لەبۆ دوا رۆژی رووناك
بەدی بێنن كاری چاك

قوتابیلم

# خوێندکارم

٩ ـ خالد شەیدا ـ

قوتابیەم

منـــاڵێکی خوێنـــدکارم

هەمیشـــە ئـــاگادارم

هەموو هەفتە خۆم دەشۆم

خاوێنی بەســـوودە بۆم

خەریکی ئەرکم دەبـــم

بەڕەوشـــتو ئـــەدەبم

ماڵمان دووره ، ئامانە

دەمبا بـــۆ قوتابخانـــە

منی خرپنو منـــاڵ

هەرکە گەڕامـــەوە ماڵ

ڕاهێنانو وانـــەی خۆش

بەجێ دێنم زۆر بەجـــۆش

کەلەیـــاریش دێمـــەوە

هەنـــدێ دەحەســـێمەوە

شەو درەنگ بوو دەخەوم

هەتـــا زوو بەخۆ کەوم

بەیانی پێش تیشکی تـــاو

بەرەو لانە نێم هـــەنگاو

لانـــەم قوتابخانەیـــە

چرای ژینـــە بۆ وەیـــە

١٩٧٧ / ١٠ / ٨

کورتە چیرۆك بۆ منداڵان

# کوڕەکــــان

و : فیصل دێهاتی

دوو ژن ئاویان لە بـــیرێك هەڵدێنجا ، ژنێکی دیکەش گەیشتە لایان ، پیرە مێردێکیش بـــۆ پشوو دان لە نزیکیانەوە لە سەر تەپۆلکێك دانیشتبوو .

یـەکێکیان گوتی : کوڕەکەی من زیرەکو بەهێزە ، کەس ناتوانی بەری ملی بگرێت .

دووەمیشیان گوتی : کوڕەکەی من دەنگی لە دەنگی بولبول دەچێ ، دەنگێکی لە چەشنی دەنگی ئەو نیـە .

بـەڵام سێیەمیان بەبێ دەنگی مایەوە . هـاوڕێکانی لێیان پرسی :

— ئەوە چیتە ؟ . . بۆ شتێ دەربارەی کوڕەکەت ناڵێی ؟

ژنەکە وەڵامی دایەوە : —

– چی دەربارەی بڵێـــم ؟ کوڕەکەی منیش وەك کوڕی هـەموو خـەڵکە !

ژنەکان گۆزەکانیان پڕ ئاو کردو ڕۆیشتن ، پیرەمێردەکەش بـە دوایانەوە هات ، مـــــــاوەیێ ڕۆیشتن ، هـەستیان بەئێشانی پشتیان کرد ، ئاوەکەش لەناو گۆزەکاندا دەشلەقا ، راوەستان تا نەختێك پشوو بـدەن .

لە پڕێکا سێ منــــــاڵ دەرکەوتن ، لە یاری کردن دەگەڕانەوە ، یەکێکیان بەشێوەی قرژاڵی دەڕۆیشت بەڕێوە ، ژنەکانیش زۆر بەسەر سوڕمانەوە سەیریان دەکرد .

دووەمیان وەك بـولبـول دەیچریکاند ، ژنەکانیش زۆر بە بایەخەوە گوێیان بۆ شل کرد بوو .

بەڵام سێیەمیان بە پەلەو پرتاوی ڕای کردە لای دایکی و گۆزە ئاوەکەی لێوەرگرت و لەگەڵیانا ڕۆیشت .

ژنـەکان لە پیرەمێردەکەیان پرسی :

– رات چی‌یەو ؟ . . چۆن کوڕەکانمت بینی ؟

وەڵامی دایـەوە : –

– کوان . . له کوێن ؟ . . من هیچیان نابینم تەنها یەکێکیان نەبێت ! .

کۆتایی

* * *

لە سەر ئەرکی بەشداران چاپکراوە .

چاوەنواڕی ژمارە دوو بن لە

لە « ئەدەبی منداڵان »

نرخی (٢٠٠) فلسه

له هەولێر

له چاپخانەی هەولێر له چاپ دراوه

به ژماره (٥٤٨)ی ڕۆژی ٢ / ٤ / ١٩٨٥

به کتێبخانەی نیشتمانی سپێردراوه